## دوللی شاهین بۆ گوڵان:

# من بە گەورەیی خوا و خۆشەویستی جەماوەر بە هێزم

**هەر لە یەکەم دەرکەوتنیدا هونەرمەندی لوبنانی دوللی شـاهین لە بواری گۆرانی گوتندا توانی سـەرنجی بینەران و شارەزایانی بورای هونەر و گۆرانی گوتن بۆ لای خۆی رابکێشێت، دوای ئەوەی بۆ ماوەی نزیکەی پێنج ساڵ لە پەیمانگا تایبەتەکان وانەی مۆسیقای خوێند و بەهرە و توانا هونەرییەکانی خۆی بردە بواری ئەکادیمییەوە و شارەزاییەکی زۆری پەیدا کرد لە چەندین ئامێری مۆسیقی کە بە زۆر بە جوانی دەیانژەنێت، ئەمەش دەرگای لەبەردەمی کردەوە کە لە گۆرانییەوە روو بکاتە بواری نواندن لەو بوارەشـدا دیسـان توانیی زۆر سـەرکەوتووانە بەردەوام و کاری خۆی بە باشترین شێوە ئەنجام بدات و ناوبانگی سنووری لوبنانی بڕی و گەیشـتە میسر بەتایبەتی لە بواری نواندندا، لە پەیوەندییەکدا دوللی شاهین بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: خەلیل بلەیی Xalil2001@yahoo.com



*** ئایـا تۆ خۆت بـە گۆرانیبێژ دادەنێی یان ئەکتەر؟**

- خۆم بە هونەرمەندێکی گشتگیر دادەنێم کە گۆرانی دڵێ و ئەکتەر و سەماکارە، ئێمە لە سەردەمی رەنگ و گۆرانی خێرادایین، بۆیە پێویسـتە هونەرمەند هەمە لایەن بێت بۆ ئەوەی بچێتە دڵی جەماوەرەوە.

*** کامیان لە خودی خۆت نزیکترین گۆرانی گوتن یان ئەکتەری؟**

- مـن گۆرانیبێژم بەر لەوەی بێمە نێو بـواری ئەکتەرییەوە، بەڵام من عاشـقی هەردووکیانم، چونکە گۆرانیبێژی یان گۆرانـی گوتن ئیزافـە و پانتاییەکی زیاترم پێ دەبەخشـێ لە بواری ئەکتەریدا و ئەکتەریش وام لێدەکات بتوانم بە هەسـتێکی گەورەترەوە گۆرانییەکانم بە جەماوەر بگەیەنم بەتایبەتی لە کلیپیەکاندا.

*** وەك گۆرانیبێژ و ئەکتەر سـەرەتاکانت چۆن بوون؟**

-وەك باسـم کرد سـەرەتا من بە گۆرانی گوتن دەسـتم پێکـرد و ئەکتەریش

زۆر دوانەکـــەوت و هەر زوو لە دەرگای دام، راستەوخۆ دوای نمایش کردنی کلیپی یەکەم گۆرانیم بە ناوی (مومـــو عینی)، دەرهێنەر خالد یوسف کلیپەکەی بینی و داوای لێکردم بەشـــداری بکەم لە فیلمی (ویـــگا) منیش ســـیناریۆکەم خوێندەوە بەمەش هەســـتام بە بینینی یەکەم رۆڵی سینەمایی.

*** ئەو کەســـایەتیانە چین کە ســـەرنجت رادەکێشـــن و حەز دەکەی رۆڵەکانیان ببینی و بۆچی؟**

- زۆر لە کەسایەتییەکان سەرنجم رادەکێشن، حەز دەکەم رۆڵی کچێکی شێت ببینم، چونکە دیو یاخود روانگەی سێیەمی مرۆڤ نیشان دەدات و رۆڵێکی ئاســـان نییە، هەروەها حەزم لە بینینی رۆڵە زەحمەتەکان و رۆڵی مێژوویی ئەو ئافرەتانەیە کە رووی مێژوویان گۆڕیوە لە نیشتیمانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واتە ئەو رۆڵـــە تێکەڵاوانە کە پێویســـتییان بە ئاســـتێکی هونەری بـــەرز هەیە لە کاتی نواندنیدا.

*** تۆ بەوە ناســـراوی کە بـــە جورئەتەوە بڕیارەکانت دەردەکەی، هۆکاری ئەم جورئەتە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من بـــە جورئەتـــی ناو نابـــەم، بەڵکو دیدێکی روونە، بڕوا بە خۆبوون و سووربوونە، دەزانم چیم دەوێت و کارم کردووە و کار دەکەم و کار دەکـــەم بۆ ئەوەی بگەم بە تەواوی ئەو ئامانجانەی هەوڵ دەدەم پێیان بگەم، تا ئێستا تەنیا بەشێکی بچووکی خەونەمانم هاتوونەتە دی، بۆیـــە هەموو هەوڵێـــك دەدەم بە هەموو شێوەیەك بۆ ئەوەی بە گشت ئاواتەکانم بگەم، گشت ئەرکەکانم زۆر بە باشی ئەنجام دەدەم و سەرکەوتنیش لە خواوەیە.

*** ئایا بـــە حوکمی ئـــەوەی ئافرەتێکی بەناوبانگی لە پیاو ناترسی؟**

- نە لە پیاو نە لە کەس دەترســـم، مرۆڤی بڕوادار ناترسی، چونکە هیچ شتێکی بەسەر نایەت ئەگەر خوا نەینووســـی بێت، ترس هیچ شـــوێنێکی نییە لە ژیانی مندا.

*** ئایا خۆت بە ئافرەتێکی بەهێز دەزانی؟**

- من بە ئیرادەی خوا و خۆشەویستی خەڵك بەهێزم، ئەرکەکانی خۆم زۆر بە باشی بەجێ دەگەیەنم و زیان بە کەس ناگەیەنم و کەسیش ئازار نادەم، بەشـــەو خەون دەبینم و بە رۆژیش خەونەکانم بەدی دەهێنم و هێزی خۆیشـــم لە خـــواوە وەردەگرم، هێز بـــە لای منەوە هێزی عەقیدە و مرۆڤایەتی و قوڵ بوونەوەیە لە بڕوا و پتەوی لە پابەند بوون بە خواوە.

*** زۆر جار کە ناوی تۆ دێت یەکسەر باس لە ئیغرا و جورئەت دەکرێ، چۆن وەڵامی ئەم قسانە دەدەیتەوە؟**

- هیچ کاتێك پشـــتم بە ئیغرا نەبەستووە، من هونەرمەندێکم هاتوومەتە نێو ئەو بوارەوە بۆ ئـــەوەی تێیدا بمێنمـــەوە و ئەمە رێگا و ژیانی منـــە، من هونەرمەنـــدی ئیغرا نیم، من بە تەوازوعـــەوە خاوەن تایبەتمەندییەکانی هونەرمەنـــدم لە دەنگ و ئـــەدا، بۆ ماوەی پێنج ساڵ گۆرانی و مۆســـیقام خوێندووە و تا ئێســـتاش بەردەوامم لە خوێندنی، سەبارەت بە جلوبەرگەکانیشم ئەوا دەگۆڕێن بە گوێرەی ئەوەی پێشکەشی دەکەم، جلەکان رەنگدانەوەی ئەو شتەن کە پێشکەشی جەماوەری دەکەم بۆ نموونە کلیپی ( جدیـــد علیا) رۆڵی بووك و دایکم بینـــی کە هیچ جورئەتێکی تێدا نەبوو و کلیپی ( غیر البنات) تێیدا رۆڵی کچێکی قوتابی قوتابخانەیەکی رۆمانسیم بینی، ئایا ئەمە جورئەتی تێدا بوو؟ بێگومان کلیپەکە هیچ ئیغرای تێدا نەبوو، سەبارەت بە سینەما مایۆم لەبەر کرد، چونکە دیمەنەکە لەسەر دەریا بوو، ئایا ئافرەت لەســـەرکەنار چی لەبەر دەکات، دەبێ هەموو لایەك بزانن من بەرجەستەی ئەو رۆڵەم کە دەیبینم، ئەو کاریشـــی کە دەیکەم بە ئاشکرا دەیکەم و خۆم لەژێر هیچ پـــەردە و دەمامکێکـــ ســـاختەدا خۆم ناشارمەوە و هەندێك جل بپۆشـــم کە تەنیا عەوراتی خاوەنەکانیان بشـــارێتەوە، سوپاســـی خوا دەکەم کە هیچ شـــتێکم نییە شەرمی لێ بکەمەوە، هەندێك جار هەڵە دەکەم هەندێك جاریش لەسەر راستم و هەندێك رەخنە نابنە رێگر لەبەردەمم.



*** پێناسەت چییە بۆ ئیغرا بۆ ئافرەت؟**



- ئیغرا و جورئەت بەشێکی جیانەکراوەن لە پێکهاتەی ئافرەت هەروەك شیلە بۆ گوڵ و باڵ بۆ باڵندە و ئاو بۆ زەوی، ئیغرا جوانی ئافرەت دەردەخات و خۆراك بە مێینەتی دەدات و وای لێدەکات ببێتە شـــاژنی دڵی پیاوان، داوێکی زۆر بـــەرز هەیە لە نێوان ئیغرا و خۆســـووك کـــردن، ئافرەتی زیرەك و ژیـــر دەزانێت چۆن خۆی لێ بە دوور بخات، ئیغرا لە جلوبەرگ و قســـەکردندا نییە، لەوانەیە لە سەیر کردن و زەردەخەنە و جوولەیەکدا بێت، چونکە گەورەترین چیرۆکەکانی خۆشەویســـتی لـــە جیهان بەو شێوەیە دەســـتیان پێکردووە، ئەو چیرۆکانەی کە ملیۆنەها کەس خەونیـــان لەگەڵی بینی و ئەگـــەر ئەمانە نەبوان ئەوا خۆشەویســـتی نەدەژیا لە سەردەمی جەنگەکاندا، ئێمە ئێستا پێویستیمان بە دڵۆپێك خۆشەویستی و دەنكێك ژیان هەیە.

*** تورە دەبی کاتێك دیمەنێکی فیلمەکانت لا دەبرێت؟**

- من تووشـــی ئەو بارودۆخـــە بوومەتەوە لە فیلمی (الشـــیاطین) و ئێستاش لە زنجیرە ( ادهـــم الشـــرقاوی ) ئەمەش لەبـــەر چەند هۆیەکە کـــە هەمـــوو لایەکمان دەیزانین،

**ئیغرا و جورئەت بەشێکی جیانەکراوەن لە پێکهاتەی ئافرەت هەروەک شیلە بۆ گوڵ و باڵ بۆ باڵندە و ئاو بۆ زەوی**

بێگومان دڵتەنگ دەبم، چونکە من ڕۆڵی خۆم بە ئەمانەتەوە بەرجەستە دەکەم و لە هەموو دیمەنێکدا زۆر ماندوو دەبم بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەنجامی بدەم، گوناهە کە ڕێز لە ماندووبوونی هونەرمەندان نەگیرێت و ناویان بشێوێنرێ و هێرش بکرێتە سەر کاروانی هونەرییان، بەڕای من ئەو کەسەی ئەو کارە ئەنجام دەدات ئەوا تاوانێکی گەورە دەکات بەرامبەر بە خوا و خەڵك.

*** تا چ ڕادەیەك پشت بە پیاو دەبەستی؟**

- من مرۆڤێکی سەردەمیم بڕوام بە یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت هەیە، بە ڕادەیەکی زۆر پشت بە خۆم دەبەستم، بەڵام لە هەمان کاتدا وەکو هەموو ئافرەتێك پێویستی بە پیاو هەیە لە ژیانی خۆیدا بۆ ئەوەی ڕۆڵی سروشتی خۆی ببینێت، چونکە ئەمە سوننەتی ژیانە.

**من مرۆڤێکی سەردەمیم بڕوام بە یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت هەیە، بە ڕادەیەکی زۆر پشت بە خۆم دەبەستم**

*** فیلمی ( ویگا) چ ڕۆڵێکی هەبوو لەسەر دەرکەوتن و ناوبانگ دەرکردنت؟**

- بەڵێ بەشێوەیەکی زۆر ڕۆڵی هەبوو، چونکە دەرگاکانی میسری لەبەردەمدا کردمەوە و جەماوەر منی ناسی لە ڕێگای ئەوە فیلمەوە.

*** ئەو ئەکتەرە میسریانە کێن کە مورتاحی لەگەڵیان کار بکەی؟**

- زۆرن وەك هانی ڕەمزی کە زۆر ڕێزم بۆی هەیە، هەروەها هونەرمەندی گەورە ئەحمەد ماهیر کە بە یەکێك لە گەورەکانی بواری نواندنی دادەنێم، ڕێز و سڵاو هەیە بۆ هەموو ئەو ئەستێرانەی کارم لەگەڵیاندا کردووە

*** ئایا بیرت لەوە دەکردەوە بەم شێوەیە سەرکەوتوو بی و لەگەڵ یەکەم گۆرانیدا ناوبانگت بڵاوبێتەوە؟**

- وەك پێشتر باسم کرد من مرۆڤێکم هیوا و ئاواتم زۆرە و بە گەشبینییەوە دەڕوانمە داوڕۆژ و ئەوەی بە گەشبینییەوە لە شتێك بڕوانێت بەدەستی دەهێنێت منیش بەدەستم هێناوە بۆیە سوپاسی خوا دەکەم بۆ ئەو نیعمەتە.

*** کێ یارمەتیت دەدات لە وێنەگرتنی کلیپەکاندا؟**

- زۆر جار خۆم بیرۆکەی کلیپەکە دادەنێم و هەڵدەستم بە هەڵبژاردنی جلوبەرگەکان و لەگەڵ دەرهێنەر ڕێك دەکەوم لەسەر هەموو ئەو دیمەنانەی کە وێنەیان دەگرین، هەروەها خۆم هەستام بە دەرهێنانی کلیپی گۆرانی (غیر کل البنات) و کلیپی (انا جیت)، ئێستاش بەڕێوەبەری کارەکانم باخوس عەلوان بە حوکمی ئەوەی دەرهێنەرێکی سینەماییە یارمەتیم دەدا و لە کلیپی ( جدید علیا ) کارم لەگەڵیدا کردووە و لەو بارەوە زۆر پشتی پێ دەبەستم.

*** تۆ دژی دیاردەی زۆبەی گۆرانیبێژانی یان لەگەڵ ئەم دیاردەیەی؟**

- زۆری و کەمی کاریگەری بەسەر منەوە نییە و نامەوێ ڕای خۆم لەسەر ئەو بابەتە بدەم، با هەر کەسێك ئەوەی هەیەتی پێشکەشی بکات و ئەوەی باش بێت، لە کۆتاییدا هەر ئەو دەمێنێتەوە.

*** ئایا حەز دەکەی ناوبانگی زیاتر دەربکەی ئەگەر لەسەر حسابی ئیغراش بێت؟**

- ئیغرا هۆکاری بڵاوبوونەوە و ناو دەرکردنی من نەبووە، چونکە من چەندین کاری جیاجیام پێشکەش کردووە و ئەگەر خۆشەویستی خەڵك نەبووایە من نەمدەتوانی بەردەوام بم لەسەر کاری هونەری، هەروەها جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان سەرکەوتن و ناو دەرکردن، من سەرکەوتنم بەدەستهێناوە، بەڵام هەست ناکەم تا ئێستا بەتەواوی سەرکەوتنم بەدەستهێناوە و کەمی ژمارەی کارەکانیشم بەڵگەی ئەوەن.

*** چ سیفەتێکی خۆت زۆر بە دڵە و شانازیی پێوە دەکەی؟**

- من زۆر عینادم، تەنانەت لە خەونەکانیشمدا عیناد و کەللە ڕەقم، هەروەها لە ڕەوشت و خۆشەویستیم بۆ هونەریش بە هەمان شێوە، شانازی بەوەوە دەکەم کەللە ڕەقییەکەم ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە کاروانی هونەری مندا.


*** گوێبیستی ئەوە بووین کە تۆ نیوەت بەرازیلی و نیوەت لوبنانییە دەکرێ زیاتر ئەمەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟**

- بەڵێ من نیوە بەرازیلیم و نیوە لوبنانیم، لە لای باوکمەوە، بەڵام ئینتیما و دڵو خۆشەویستیم بۆ وڵاتی خۆمە کە لوبنانە و دڵ و جەستەم هەمیشە لە لوبنانە.

*** چیت ماوە بیڵێی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان؟**

- سوپاستان دەکەم بۆ ئەم دیمانەیە جوانە و هیوادارم بە دڵی خوێنەرانی گۆڤارەکەتان بێت و لە خوای گەورە داواکارم کە ئارامی بە گەلەکەتان ببەخشێت یارمەتیتان بدات بۆ دەرباز بوون لە هەموو تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشییەکە، من لە وڵاتێکم کە زۆر خوێنی لەبەر چووە بۆیە بەهای وڵاتان دەزانم، خوا یارمەتیتان بدات و بتانپارێزێت.






## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# "بونەوەرە دڕندەکان"
# زۆرترین داهاتی لەسینەماکان کۆکردۆتەوە

فیلمی ئەنیمەیشن هۆلیود و تەواوی سینەماکانی جیهانی داگیر کردووە

ئەنیمەیشن (animation) نیوەی یەکەمی "ئەنیمی" وشەیەکی ژاپۆنییە بەمانای وێنەی جوڵاو دێت، لە ساڵی ١٩١٧ ز پەیدابووە، لەوڵاتی ژاپۆن پەیدابوە لەلایەن فیلم بەرهەم هێنەرکان، پاشان لەفەرەنسا و ئەڵمانیا و روسیا پەیدابو. بەڵام ئێستا ئەنیمەشنی ئەمەریکی لە هەموو ئەوانی دی پێشکەوتووترە، و وای کردووە لە هەموو جیهان ناوبانگ دەربکات، و تەنانەت بچوکترین بینەری فیلم دەیناسێ.

ئەنیمی لەپێشدا تەنها بەدەست دروست دەکرا، بەڵام ئێستا زیاتر بە کۆمپیوتەر دروست دەکرێت، بەشێوەی (زنجیرەی تەلەفزیۆن، فیلم، گێمی ئەتاری، ریکلامی شتومەک) بڵاو بۆتەوە لە جیهان. لە ناوخۆماندا بەناوی فیلم کارتۆنی منداڵان ناسراوە.

ئەوەی گرنگە، فیلمی ئەنیمەیشن ئێستا داهاتیان لە فیلمەکانی تر زۆرترە، و تەنانەت، ئەکتەرێك ئەگەر بەدەنگ بەشدار بێت لە فیلمێکی ئەنیمی، کرێی لەوە زیاترە ئەگەر خۆی وەك ئەکتەرێك لە فیلمێکی راستەقینە بەشداری بکات، کە ماندوبونی زۆر زیاترە.

ئەم هەفتەیەش وەك چەندین هەفتەی سینەماکانی ئەمەریکا فیلمێکی ئەنیمەیشن بەناوی "بونەوەرە دڕندەکان" توانی پلەی یەکەم بەدەست بێنێت. فیلمەکە باس لە "ماکس" دەکات کە منداڵێکی بچووکە، وادەزانێت کەوا کەس ناتوانێت تێی بگات. ماکس وەك هەر منداڵێك دیەوێت هەموو کاتەکانی بە یاری کردن بەسەر بەرێت. رۆژێکیان دۆستێکی دایکی دەبینێت، خۆشی ناوێت، بۆیە گازێکی توندی لێ دەگرێت و رادەکات لەترسا، تادەگاتە کەنار دەریایەك و سوار بەلەمێك ئەبێت بەتەنیا و دەچێتە دورگەیەکی نامۆ، و لەوێ چەند بونەوەرێکی ترسناك دەبێت، کەدەیانەوێت ماکس لەناو بەرن و رەنگە بشیخۆن، بەڵام ئەو پێیان دەڵێت کەوا هێزێکی تایبەتی هەیە کەناتوانن بیخۆن . فیلمەکە بەم شێوەیە چیرۆکەکانی دەگێڕێتەوە...

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

1- Where the Wild Things) Are( ٣٢،٦٩٥ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٢،٦٩١ ملیۆن$، بەیەك هەفتە

2- Law Abiding Citizen)) ٢١،٠٣٩ملیۆن$، کۆی داهات: ٢١،٠٣٩ملیۆن$ بەیەك هەفتە.

3- Paranormal Activity)) ١٩،٦١٧ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٣،١٧١ملیۆن$، بە٤هەفتە، پلەی پێشو:٤

4- Couples Retreat) ١٧،٢٢٧) ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٢،٦١٧ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشو:١.

5- The Stepfather) ١١،٥٨١) ملیۆن$، کۆی داهات: ١١،٥٨١ملیۆن$، بەیەك هەفتە.


6- Cloudy With a Chance of) Meatballs) ٨،٠١٧ ملیۆن$، کۆی داهات ١٠٨،٢٠١ ملیۆن$، بە ٥ هەفتە، پلەی پێشو:٣


7- Zombieland) ٧،٦١٦) ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٠،٦٤٠ ملیۆن$، بە ٣هەفتە، پلەی پێشو:٣

8- Toy Story ٢) ٣،٠١٦) ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٨،٥٥٤ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، هەفتەی پێشو: ٥


9- Surrogates) ١،٩١٧) ملیۆن$، کۆی داهات ٣٦،٣٢٧ ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشو:٦


10- The Invention of Lying)) ٣،٣٣٩ ملیۆن$، کۆی داهات ١٢،٢٩٥ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، هەفتەی پشو:٥












ئا: عەبدوڵا چنگیانی

## هونەرمەند زاهیر جەلال بۆ گوڵان:

# زۆربەی ئەو گۆرانییە نوێیانە فڕیان بە کوردییەوە نییە



***هونەرمەند زاهیر جەلال ئەزمونێکی زۆر و خزمەت گەلێکی باشی بە دنیای هونەری گۆرانی و هونەری نوندان کردووە سەرەتاکانی ئاوێتە بوونیشی بۆ ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە ماوەیەکی زۆرە لە بواری هونەری گۆرانی دابڕاوە، بۆباس کردنی ئەم پرسە و چەند پرسێکی هونەری تر بەمشێوە بۆ وەڵامی پرسیارەکان هاتە ئاخاوتن.***


دیمانە: سۆران مارف کەریم
SORAN_MARF1980@YAHOO.COM


> هەندیک لەوانەی پارەیان وەرگرتووە بۆ کارە هونەرییەکانیان چوون بۆ تەواو کردنی خانوو سەرفیان کردووە یاخود سەیارەیان پێکڕیوە

*** دەکرێت بۆمان روون بکەیتەوە بۆچی ماوەیەکی زۆرە لە کاری هونەری دابڕاوی بەتایبەتی هونەری گۆرانی گوتن ؟**

-سەرەتا زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیان،یەکەم خاڵ نەبوونی مادە و پارەی تێچووی بەرهەمێکی هونەری یە کەئەمە ئاستەنگێکی گەورە بوو لەبەرامبەر نەبووی کاری هونەریم، هەروەها ئەو روحییەتە هونەرییەی جاران نەماوە کەوا موزیك ژەن و هونەرمەندەکان هەیانبوو، من لەو رووە ناحەقیان ناگرم لەبەر ئەوەی کاتێك موزیك ژەنێك ستۆدیۆیەك بەکرێ دەگرێ مانگانە بڕێکی زۆر پارەی کرێ دەدات ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا ناچار پارەیەکی زۆر بۆ تۆمارکردنی بەرهەمێك وەربگرێت، بەڕاستی من زۆر حەز دەکەم بەرنامەی تازەم هەبێت، بەڵام بەداخەوە کەسێك نییە دەستمان بگرێت.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی زۆری بۆ هونەرمەندان تەرخان کردووە بەمەبەستی تۆمارکردنی کارە هونەرییەکانیان، تا چەند تۆ لەو هاوکارییە سوودمەند بوویت؟**

- من تا ئیستا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاوکاری نەکراوم و سوودمەند نەبووم کەچی بەداخەوە هەندێك دەچنەوە پێشەوە داوای هاوکاری دەکەن ئەسڵەن هەر گۆرانیبێژ نەبوون و ووشەی هونەر و هونەرمەندیشیان تێدا نەبووە چونەتە پێشەوە و وەزارەتی رۆشنبیری هاوکارییان دەکات، هەندیك لەوانەی پارەیان وەرگرتووە بۆ کارە هونەرییەکانیان چوون بۆ تەواو کردنی خانوو سەرفیان کردووە یاخود سەیارەیان پێکڕیوە بۆیەش من نەمتوانیوە بچمەوە پێشەوە داوای هاوکاری بکەم و پێم غەدر بووە دوای چەندین ساڵ خزمەتی هونەری حسابی کەسێکی هونەرمەندی تازەم بۆ بکرێت.

*** ستایلی گۆرانی کوردی تا رادەیەك بەربڵاوە تۆ تا چۆن باس لەو قەیرانە دەکەیت؟**

-بەداخەوە لەگەڵ ئەم ستایلەی نوێیەی گۆرانی کوردیدا، چونکە زۆرێك عەرەبی زۆرێك فارسی و زۆرێك تورکی و بیانییە بەقەد مسقاڵە زەرەیەك یان توزە زەردەچەوەیەك کوردی کردووە بەسەریا ئەویش ووشەکانە کە بە کوردی دەیچڕێ دەنا زۆربەی ئەو گۆرانییە نوێیانە فڕیان بە کوردییەوە نییە من وەك خۆم نە سەیری ئەو شێوازە گۆرانیانە دەکەم نە حەزیشیان پێدەکەم.

*** کی بەرپرسە لەم ئاریشەیە؟**

-قابیلە بەرپرس کێیە، هەر وەزارەتی رۆشبیرییە کەوا بەرپرسی سەرەکی ئەم کێشەیەیە .ئیتر نازانم ئەگەر وەزارەتی

ڕۆشـــنبیری هیچ دەســـتەڵاتێکی نەبێت و خەڵك ئازاد بێت لــە بڵاو کردنەوەی کاری باش و کاری خراپ، من هەر ئەوەندە دەڵێم ئەگەر دیموکراسییەتە و خەڵك خۆی ئازادە لەوەی چۆن و چی دەکات تەنها بە پەندێکی کوردی وەڵام دەدەمەوە ئەویش ئەوەیە( هەموو شتێك بە خوێ و خوێش بە مانا ).

*** با بچینە ناو ژیانی منداڵیت، ئەپرسین زاهیر جەلال منداڵی چۆن گوزەراندووە ؟**

-ئەگەر بــە منداڵی شــەڕیان لەگەڵ کردبێتم ئەوا منیش زۆر بەچاکی شەڕەکەم کردووە منداڵێکی جوڵاو و قسە خۆش بووم هەســـتم نەکردووە کەوا دەنگم خۆش بووە و هەرکاتێکیش داوای گۆرانیم لێکرا بێت ئەوا گوتوومەو منداڵەکانی هاوڕێشم چەپڵەیان بۆ لێداوم .

*** یەکەم بەرهەمـــت کەی تۆمار کرد و بەناوی چی بوو ؟**

-من بە منداڵی زۆر حەزم بە دەنگی سەید عەلی ئەســغەری کوردســـتانی، مامۆستا عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و سالح دیلان و ڕەفیق چالاك و ســێوە دەکرد و هەمیشە لاساییم دەکردنەوە دواتر ئەوە بوو من دەنگی خۆم دۆزییەوە لە دەنگی هونەرمەندی ئازیزو هونەرمەندی هاوڕێم کاك ناسری ڕەزازی کە یەکەم گۆرانیم لە ســاڵی ١٩٨٤ تۆمارکرد گۆرانییەکی کاك ناسر بوو بەناوی (لەرزان لەرزانە) کە بە ستایلێکی تایبەتی خۆم ئەو گۆرانییەم گوتەووە و خۆی لە ڕاستیدا ئاوازو هۆنراوەی فۆلکلـــۆر بوو تۆمارمان کرد بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك خوالێخۆشــبوو عەلی محەمەد ڕەمەزان کاری وێنەگرتنی بۆ کرد، بەو گۆرانییە هاتمە ناو هونەری کوردییەوە ودەنگێکی باشی دایەوە، پاش ئەوەش ئیدی من ستایلی خۆم گرتوو چەندین ئاوازی نوێم هێنایە ناو گۆرانی کوردییەوە بە شێوەیەکی ڕۆژئاوایی دواتـــر گۆرانی (چیای ژینم) بڵاو کردەوە کە ئەویش دەنگێکی باشی لای جەماوەر دایەوە.

*** کـــێ هاندەری زاهیر جـــەلال بووە بۆ کاری هونەری ؟**

-تەنهـــا خۆم هانـــدەری خۆم بـــووم بۆ کاری هونـــەری لەبـــەر ئەوەی ئـــەو کاتە خزم و کـــەس و کار زۆر پێیان خۆش نەبوو کەسێکیان بەشداری کاری هونەری بکات، هەرچەند بنەماڵەی ئێمە بەو شێوەیە نەبووە باوکـــم بەرەحمـــەت بێت حـــەزی نەکردووە ئافرەتەکانمان نەخوێندەوار بێت و پێی خۆش بووە هەموومان خوێنـــدەوار بین، بەڵام ئەو کاتـــە خەڵکی پێی شـــەرم بـــوو بچێت لە تەلەفزیون گۆرانی بڵێت و خزمەتی کاری هونەری بکەیت، ئەو کاتەی کە هونەر شەرم بوو و من ئـــەو کاتە هاندەرەکانم براکانم بوو ئـــەوان حەزیان کرد خزمەتی کاری هونەری بکەم، پاشـــان لە قوتابخانەش مامۆستاکانم مامۆســـتا عوسمان شاربازێری و مامۆستا فەرەنسیس داود و نەوزاد مەجید یەکێك بوون لەو کەسانەی هاوکارم بوون .

*** تـــۆ بـــە گۆرانی و موزیك دەســـتت پێکرد چـــون توانیت بچیتە بواری هونەری نواندنەوە؟**

- من هەر منداڵییەوە منداڵێکی تەمسیل زان بووم هەمیشـــە کە دەچوومە ســـینەما فیلمێکم دەدیت حەزم بە لاسایی کردنەوەی ئەکتەرانـــی نـــاو فیلمەکە دەکـــردەوە، ئەوە خولیـــای منداڵیـــم بوو، بیـــرم دێت کاتی مامۆســـتا نەوزاد مەجید کە مامۆســـتای هونەرم بوو زۆر کات لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا کاری نواندنی پێدەکـــردم، ئومێدەوارم دڵی بینەرەکانی خۆمم ڕازی کردبێت.

*** بۆچـــی زیاتـــر بـــواری کۆمیدیات هەڵبژاردە؟**

- هەمـــوو ژیانـــی ئێمـــە هـــەر خەم و خەفەتە ئەوەندە ســـەیری فیلمـــە عەرەبی تورکـــی وبینانیمان کرد بۆ ئەوەی پێبکەنین، وتـــم با کارێك بکەم بۆ ئـــەوەی بە کوردی پێبکەنین.

*** پەشـــیمان نیت لەوە بەشداری کاری نواندنت کرد و تا چەند خۆت بە سەرکەتوو دەزانیت لە بواری هونەری نواندندا؟**

- سەرکەوتنی من لە چاوی بینەردایە بۆ کاری نواندنم و ســـەرکەوتنی من لە گوێی بیســـەردایە بۆ گۆرانییەکانـــم، ئومێدەوارم توانیبێتم لە هەردوو بوارەکەدا ســـەرکەوتوو بم.

*** لـــەکاری نواندانـــدا تووشـــی ڕەخنە نەبوویتەوە ؟**

- هەندێك کەس پێیـــان گوتووم خۆزگە تەنهـــا گۆرانیت بگوتایە، بـــەڵام من پێم ئاســـاییە لە هەردوو بوارەکەدا کار بکەم، بۆ نموونە هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیســـ هەم لـــە بواری گۆرانی هەم لە بواری نواندن خزمەت دەکات.

*** مۆسیقا لای تۆ چ پەیامێکە ؟**

- موسیقا زمانێکی جیهانییە.

*** ئایـــا ئێمـــە توانیوومانە ئـــەو زمانە جیهانییە بە جیهان بگەیەنیین ؟**

- لە ناوە و دەرەوەی وڵات هەندێك کەس توانیوویانە خزمەتێکی دیار بەرچاو بکەن و جێی دەســـتیان لەو ڕووە وە دیار بێت. ئومێد دەکـــەم ئەوانەی ئەیانەوێـــت ئەو پەیامە بە ناتەواوی بگەیەنن و پەکی بخەن بوەستن و خۆیان لەو بوارە دوور بخەنەوە.

*** بەیانیـــت باش یەکێکە لـــە بەرهەمە هونەرییەکانی تۆ، ئەکرێت قســـەیەکمان لە سەر ئەو گۆرانییە بۆ بکەیت ؟**

-ئەم بەرهەمـــە لە شـــیعرەکانی محمد پاکـــژە وە ئـــاوازی جەزای ســـازە پێم وایە گۆرانییەکـــە خزمەتی هونـــەری کوردی کـــردووە وجەماوەرێکـــی زۆر هۆگری ئەم گۆرانییەن .

*** شارەزابوون لە مەقام گوتندا تا چەند پێویستە بۆ هونەرمەند ؟**

-هەر بینایەك بناغەکەی پتەو نەبێت ئەوا ئـــەو بینایە ڕەنگە بە هەورە برووســـکەیەك بڕووخێت و من پێـــم وایە بناغەی هونەری گۆرانی شارەزابوونە لە بوارەکانی مەقام، شـــوکر بۆ خوا من شارەزاییەکی باشم لە بـــواری مەقامدا هەیە.

*** دوا پەیامت چیە؟**

- من داوام ئەوەیە هـــاوکاری بکرێم بۆ ئەوەی تا لە ژیاندا ماوین بتوانین کاری هونـــەری چەنـــد بەرهەمێکی نوێ پێشـــکەش بکەم.



# کەژاڵ ئادەمی بۆ گوڵان:

# هونەرمەندە لاوەکانمان پێناسەیەکی ڕوونیان بۆ مۆسیقای کوردی نییە

***کەژاڵ ئادەمی خەڵکی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەر لەوەی گۆرانی بڵێ و بێتە نێو بواری مۆسیقاوە دەستی بە شیعر نووسین کردووە و وەك شاعیرێك ناسراوە، ماوەی چەند ساڵێکە کوردستانی جێهێشتووە و ئێستا لە وڵاتی سوید گوزەر دەکات، چەند ڕۆژێك بوو بە سەردان گاڕابۆوە کوردستان بۆ تەواو کردنی کاروباری سیدییەکەی خۆی، هەروەها بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کوردستان ببینێت و ئاشنایەتییەکی دەربارەی بارودۆخی کوردستانی ئازاد هەبێت، بۆیە لە دەرفەتێکدا ئەم گفتوگۆیە لە نێوان گوڵان و کەژاڵ ئادەمی دروست بوو.***



### لە ڕێگای گۆرانییەوە شیعرەکانی خۆمە گەیاندە جەماوەر

*** دەربارەی سەرەتاکانی هاتنی بۆ ناو بواری هونەر هاتو کەژاڵ ئادەمی دەڵێ:**

ـ هاتنی من بۆ دنیای هونەر بە نووسینی شیعر دەستی پێکرد، لەمنداڵییەوە شیعر دەنووسم، دواتر لەتەمەنی شازدە ساڵیدا دەستم کرد بە ژەنینی ئامێری کەمان، ئەو کاتە بیرۆکەی گۆرانی گوتنم لا دروست بوو، پێش ئەوەی بەرهەم بڵاو بکەمەوە لەسەر پەروەردەکردنی دەنگ کارم کردووە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جوان و شیاو هونەرەکەم پێشکەش بکەم. بەدڵنیاییەوە شیعر کاریگەری هەبووە و هەموو کاتێك ویستوومە شیعرەکانم بەشێوەیەکی جوان پێشکەشی جەماوەرەکەم بکەم، و هەستم کرد کە گۆرانی باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی شیعرەکانی خۆتی پی بگەیەنیتە خەڵك، هەروەها ئەو کاتە خەریکی فێربوونی مۆسیقا بووم ئەوەش بەهەمان شێوە کاریگەری هەبوو جگە لەمەش بەهرەی دەنگخۆشی کە پێیان گوتم دەنگت خۆشە ئەمانە هەموویان بوونە هۆی ئەوەی گۆرانی بڵێم.

*** دەربارەی ئەوەی کە ئایا هیچ لێك نزیك بوونەوەیەك هەیە لەنێوان لە کولتووری فارسی و کوردی لە بواری گۆرانی و مۆسیقاوە خاتو کەژاڵ دەڵێ:**

بە بڕوای من بنەمای مۆسیقاکە هەر یەکە، بەڵام شێوازی ئەدای هەریەکەیان جیاوازە، من هەموو کاتێك هەوڵم داوە کار لەسەر مۆسیقای کوردی بکەم لەبەر ئەوەی هەست دەکەم مۆسیقای کوردی پێویستی بەوە هەیە زیاتر ئیشی لەسەر بکرێت بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا کە من پێم وایە مۆسیقای کوردی تووشی هەندێك لە سەرلێشێواوی بووە، هونەرمەندان لە قۆناغی تاقیکردنەوەدان بەتایبەتی هونەرمەندە لاوەکانمان کە پێناسەیەکی ڕوونیان بۆ مۆسیقای کوردی نییە، هەر ئەمەشە کە دەبینین لەژێر ناوی نوێکاریدا هەندی جار بەهەڵە سوود لەو نوێکارییە وەردەگیرێت هەندی کاری باشیش کراوە، بەڵام پێویستە زیاتر کار لەسەر پەروەردەکردن و فێربوون بکرێت بۆ ئەوەی پێناسەیەکی ڕوونمان بۆ مۆسیقا هەبێت.

*** کەژاڵ ئادەمی بەم شێوەیە باس لە نوێکاری دەکات لەهونەری کوردیدا :**

ـ من هەمیشە گوتوومە نوێکاری جیاوازی هەیە لەگەڵ لاسایی کردنەوە، لای من نوێکاری واتە لە چوارچێوەی مۆسیقای خۆمان لەسەر بنەمای مۆسیقای خۆمان پەرە بە کارەکانمان بدەین، بۆنموونە بەرهەمەکانی گروپی کامکاران دەتوانین بە نوێکاری دابنێین لەبەر ئەوەی لەچوارچێوەی مۆسیقای کوردیدایە نەچووە بە لای بێگانەدا، بەڵام نوێکاری و تازەگەری جوانی تێدا کراوە. من هیچ کاتێك دژی ئەوە نیم سوود لە مۆسیقای وڵاتانی تر وەربگرین، بەڵام بۆ ئەوەی کارەکە سەرکەوتوو بێت دەبێت ئێمە شارەزاییەکی تەواومان لە مۆسیقای کوردیدا هەبێت ئینجا هەوڵ بدەین شارەزا بین لە مۆسیقای ئەو وڵاتەی کە ئەمانەوی تێکەڵبوونێك لەنێوانیاندا دروست بکەین.

**دەربارەی ئەو دیاردەیەی کە ئێستا هەندێك گۆرانیبێژی گەنج ناوی دەنێن نوێکاری کە ڕەنگە کاریگەری سلبی بۆ سەر بەردەوام بوونیان خاتوو کەژاڵ دەڵێ:** ڕاستییەکەی نازانم هۆکارەکە چییە، ناڵێم هەموو ئەو هونەرمەندانە ناسەرکەوتوون بەڵام بەڕای من هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زانیارییەکی تەواویان نییە دەربارەی مۆسیقا کە پێویستە هەیانبێت، ئەگەر شارەزاییەکی تەواومان لەمۆسیقاکەمان هەبێت ئەوا نوێکارییەکە جوانتر دەبێت و سەرکەوتووتر دەبێت و ئەوەی پێشکەشی دەکەین لە دڵی خەڵك جێگای خۆی دەکاتەوە.

**ئامانجی من ئەوە بووە دەنگێك بم بۆ هەستەکانم**

**دەربارەی ئاراستەی ئەو شیعرانەی کە دەینووسێتەوە کەژاڵی شاعیر و هونەرمەند دەڵێ:**

من هەمیشە یەکێك لە ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکانم لە شیعرەکانمدا ئەوە بووە کە بتوانم دەنگێك بم بۆ هەستەکانی خۆم، من خۆم ژنێکم لەکۆمەڵگای کوردی و هەمیشە پێم خۆش بووە وەك ژنێك شیعرەکانم ئاراستەی پیاو بکەم و بە ڕوونی باسی هەستی خۆم بکەم بۆ ڕەگەزی بەرامبەر، پێم وایە دنیای ئێمە زۆر لەوە قووڵتر بۆتەوە لەوەی وەك جاران تەنها باسی لەشولاری مرۆڤ بکەین، بۆیە زۆر حەز دەکەم شیعرەکانم دەربڕی هەستی ژن بێت، ئێستا باسی ئەدەبیاتی ژنان دەکرێت و چەندین ژن ڕەخنە دەگرن لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی توندوتیژی دژ بە ژن هیوادارم لەداهاتوودا باس لەمۆسیقای ژنانیش بکەین باس لە گۆرانی ژنان بکەین، من وەك ژنێك هەستی تایبەت بە خۆم هەیە و هیوادارم بتوانم دەنگێك بم بۆ شیعری ژنان.

**سەبارەت بەوە ئایا شیعرەکانی بەرگریکردنە لەئافرەت و دەربڕینی هەستی ئافرەتانە کەژاڵ دەڵێ:** بەڵی بەدڵنیاییەوە، چونکە من پێم وایە مۆسیقا وەکو یەکێك لەبوارەکانی هونەری دەتوانی کاریگەرییەکی زۆر درووست بکات لەسەر ئاڵو گۆڕی لەکۆمەڵگادا، لەبەر ئەوەی خەڵك زۆر گوێ لە مۆسیقا دەگرێت مرۆڤ دەبێت ئەرکی سەرشانی جێبەجی بکات، من وەك گۆرانیبێژێك مەبەستی من ئەوە نییە تەنها گۆرانی بڵێم بەڵکو دەمەوێت پەیامی خۆم بگەیەنم بە گوێگر و کاریگەری لەسەر درووست بکات. بە خۆشحاڵییەوە خەڵکی ئێمە بەرەبەرە ڕووناکبیرتر دەبن، ئێمە دەبێت ڕچەشکێن بین و بۆ داهاتوو کار بکەین.

**لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی وەك کۆمەڵگای کوردستان ئەو ڕچە شکاندنە باجی دەوێت، ئایا ئەو باجە بۆ ئافرەتێك چی دەبێت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە خاتو کەژاڵ دەڵێ:** پێم وایە دەبێت لە ئیشدا ڕەچە شکاندن بکرێت،ئەگەر من بڕوام بە ئامانجەکەی خۆم هەبێت پێم وایە باجەکەی زۆر نییە،چونکە هەر کەسێك بە دڵسۆزی کارێك بکات دەبێ ئامادەش بێ بۆ ئەوەی باجەکەی بدات و دڵنیا بێت کە کاری نوێی وەك شکاندنی ڕەچەیەکی بێ باج تێناپەڕێت.

## لە کۆمەڵگای ئێمەدا نێر و مێ ئازاد نین

*** سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بە گشتی بە کوردستانیشەوە کۆمەڵگایەکی باوك سالارییە،ئایا لەناو هونەردا ئەو جیاوازییەی نێوان ئافرەت و پیاو هەستی پێدەکرێت، خاتوو کەژاڵ دەڵێ:**بە بڕوای من لەوڵاتانی جیهانی سێیەم دا و لەکوردستاندا ئێمە باس لەوە دەکەین کە ژن ئازاد نییە بەڵام بە بڕوای من نە ژن ئازادە نە پیاو، ژنەکانمان دیلی دەسەڵاتی پیاون و پیاوەکانیش دیلی دابوونەریتە کۆنەکانن، ئەوە بۆچوونی منە لەوانەیە بە ڕواڵەت پیاو ئازاد بێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەویش ئازاد نییە، دنیای هونەر لەسەردەمی ئێستادا پیاوسالارییە لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەوانەی خەریکی مۆسیقان زۆربەی موزیکژەنەکان و ئاوازدانەرەکان پیاون هیوادارم لە داهاتوودا ڕێژەی ژنان زیاتر بێت ئەمەش کاریگەری هەیە، نابێت ئەوەش لەبیر بکەین هەندێك ئەو پیاوانەی لەبواری مۆسیقادا کار دەکەن ئەو بوارە بە ئافرەتان دەدەن، بە گشتی ئەمە وەك فەرهەنگێك لە کوردستان دەبیندرێت؟، بەڵام ئەگەر من بگەڕێمەوە بۆ ڕۆژهەڵات فەرهەنگەکە لەلایەکەوە و لەلایەکی ترەوە دەسەڵات ئەو بوارە بە ژن نادات کە خۆی دەربخات لەبواری گۆرانی گوتندا و چەندین ڕێگری دێتە پێش بۆیە ئەو جیاوازییە زۆر زیاترە، هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێم پیاو ئازادانەتر دەتوانێت هەستەکانی دەربڕێت.

## بەهێمنی ڕێگام گرتۆتە بەر با بزانین بە کوی دەگات

**دەربارەی کەم دەرکەوتنی و نەبینینی وەك پێویست لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کەمی بەرهەمەکانی کەژاڵ ئادەمی دەڵێ:** من هیچ کاتێك بیرم لەوە نەکردۆتە کە خەڵك ئیشەکەی من ئەناسنەوە وەك کەژاڵ بەڵکو هەمیشە مەبەستم ئەوە بووە ئیشەکەم بناسرێتەوە لەلایەن خەڵکەکەوە، دەمەوێت ئیشەکەم بناسرێتەوە بۆ ئەوەی کاریگەریم لەسەر جەماوەرەکەم هەبێت، هیوادارم بتوانم لەداهاتوودا بتوانم کاری هونەری باشتر بکەم، بەهێمنی ڕێگام گرتۆتە بەر با بزانین بە کوی دەگات، بەڵام هەموو ئاواتم ئەوەیە دڵی خەڵکەکە شاد ڕابگرم و ببمە جێگای ڕەزامەندییان و چێژ وەربگرن لەکارەکەم.

بەرهەم هێنانی هەر کارێك ئیش و ماندوبوون و پارەیەکی زۆری پێویستە، منیش لەم چەند ساڵەدا کە ئیشم کردووە ئەرکی هەموو کارەکانم لەسەر شانی خۆم بووە، لە هیچ لایەنێکەوە یارمەتیم نەدراوە و داواشم نەکردوە. پاشان ئەوانەی لەتاراوگە دەژین وەك کوردستان نییە لەوی دەبێت پەیوەندییان پێوە بکەیت و لەچەند وڵاتێك کۆیان بکەیتەوە.

## چۆن لە ئەوروپا هونەرمەندان گرفتیان هەیە لە کوردستانیش بە هەمان شێوەیە

**دەربارەی ئەوە جیاوازیانەی بەدی کردوون لە کوردستان دوای گەرانەوەی و ئایا بینین و باس کردن چ جیاوازییەکیان هەیە خاتو گەژاڵ دەڵێ:** ڕاستییەکەی هەر بە باشی باسیان دەکرد دەیان گوت کوردستان خۆشە کە منیش هاتمەوە خۆشتر بوو لەوەی بیرم لی دەکردەوە، دەبینم خەڵکەکە هەموویان هاوزمانی خۆمن و جیالەمەش خەڵکەکە زۆر گەرموگوڕ بوون بەرامبەر بە من، زۆر بەجوانی پێشوازییان لێکردم و کوردستانم زۆر بەجوانی بینی.

ئەمە تێڕوانینی من بۆ ژیانی گشتی لە کوردستان، لە لایەنی هونەریشەوە پێم وایە لە کوردستان ئەنجامدانی کاری هونەری زۆر ئاسانە



بەداخەوە زۆر هونەرمەندم نەبینیوە لەم چەند ڕۆژەدا لەبەر ئەوەی زیاتر سەرقاڵی ئیشەکانی خۆم بووم بۆیە نەمتوانیوە بیانبینم و لەسەر ئەو بوارە قسە بکەم، بەڵام دیارە لێرەش ئەوەندە ئاسان نییە و گرفتی خۆی هەیە وەك چۆن لە تاراوگە گرفتی هەیە بەڵام گرفتەکان جیاوازییان هەیە. چەند ڕۆژێکە لێرەم ئیشەکانم زۆر بە خێرایی ئەنجامداون، دەتوانم بڵێم گرفتەکانی بەردەم هونەر لێرە کەمترن و کارەکان ئاسانتر بەڕێوە دەچن.

ئەمە یەکەم جارە دێمەوە کوردستان، مەبەستی سەرەکیم هاتنەوەم بوو بۆ ناو خاك و نیشتمان بۆ ئەوەی بزانم کوردستان چۆنە، جگە لەوەش خەریکی درووستکردنی کلیپم هیوادارم بتوانم بە باشی کارەکانم ئەنجام بدەم، هەروەها دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە بەرهەمێکم ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە ئێستا لە وتوێژدام لەگەڵ کۆمپانیاکان بۆ بڵاو کردنەوەی، بەڵام هێشتا لەگەڵ هیچیان ڕێکنەکەوتووم، ئێستا لەقۆناغی گفتووگۆ دام و لەداهاتوویەکی نزیکدا بڵاوی دەکەمەوە.